(هەڵوێست محەمەد) :

# لەمەودوا گۆرانیگوتن و نواندن دەبن بە دووانەیەکی دانەبڕاو لە ژیانی من

فیلمی سینەمایی (پەیکەری دڵ) کە یەکێکە لەو فیلمە سینەماییانەی بەشێوەیەکی گۆرانی ئامێز بەرهەم هاتووە، هونەرمەند (هەڵوێست محەمەد) رۆڵی سەرەکی تێدا بەرجەستە کردووە. ئەو فیلمە سینەماییە لەلایەن هونەرمەند (شوان عەتوف) کاری دەرهێنانی بۆ ئەنجام دراوە، چیرۆکی (عەبدولغەفار عەبدوڵا)یە، (لوقمان سوخنوەر) سیناریۆی بۆ نووسیوە، هونەرمەند (زیاد ئەسعەد) بەشێك لە گۆرانییەکانی نێو فیلمەکەی ئامادە کردووە، پۆلێك لە هونەرمەندان رۆڵ لەو فیلمەدا بەرجەستە دەکەن، لەوانە (حەمە عەلی خان، ژیان ئیبراهیم، نزار سەلامی، ئەحمەد رەئوف، رێشان، رۆژان جەزا، نارین ئالان) لەگەڵ چەند ئەکتەرێکی دیکە کە بەشداریی کارایان لەو فیلمەدا هەبووە، کاری بەرهەمهێنانی هونەری فیلمەکە لەلایەن هەردوو کۆمپانیای (میترۆ نۆم و کام پرۆدەکشن) جێبەجێکراوە، لە یەکەم رۆژی جەژنی رەمەزانی پیرۆز لە سینەماکانی (هەولێر، سلێمانی و کەرکوك) نمایشی دەستی پێکردووە و لەماوەی تەنیان (٦) رۆژدا (٢١ ٠٠٠) بیست یەك هەزار بلیت فرۆشراوە و بینەرێکی زۆری لە سەرجەم شارەکان لە خۆی کۆکردۆتەوە.



هونەرمەند (هەڵوێست محەمەد) کە ڕۆڵی سەرەکی و دیاری نێو فیلمەکەی بەرجەستە کردووە، لە میانەی لێدوانێکی دا تیشکدەخاتە سەرچەند لایەنێك لە کاری بەرهەمهێنانی فیلمی سینەمایی «پەیکەری دڵ».

لە دەستپێکی قسەکانیدا هونەرمەند هەڵوێست محەمەد گوتی: «فیلمی سینەمایی (پەیکەریی دڵ) ماوەی نزیکەی ساڵ و نیوێکە کاری ئامادەکاریی بۆ دەکرێت، لەلایەن هەردوو کۆمپانیای (میترۆ نۆم و کام پرۆدەکشن) کاری بەرهەمهێنانی بۆ کراوە، فیلمەکە لە رووی ناوەڕۆکەوە بابەتێکی کۆمەڵایەتییە و باس لە ژیانی هونەرمەندێکی گۆرانیبێژ دەکات، چیرۆکی فیلمەکە لەلایەن (عەبدولغەفار عەبدوڵا) نووسراوە، هونەرمەند (شوان عەتوف) کاری دارشتنەوەی سیناریۆ و دەرهێنانی بۆ ئەنجامداوە، بەشێوازێکی سەردەمییانە کاری بۆ کراوە لە هەموو روویێکەوە فیلمەکە بابەتێکی تازە دەبێت لە نێو سینەمای کوردیدا».

هەروەها (هەڵوێست) لە بەشێکی دیکەی قسەکانیدا لەبارەی نمایشکردنی فیلمەکەوە گوتی: «لە یەکەم رۆژی جەژنی رەمەزانی پیرۆزەوە دەستکراوە بە نمایشی فیلمەکە، پێشوازییەکی دڵخۆشکەری هەبووە، سوپاس بۆ خوای گەورە سەرکەوتنێکی گەورەی بەدەستهێناوە، بۆیە بڕیارمان داوە درێژە بە نمایشەکان بدەین، تاوەکو بینەری هەبێت، نمایشەکان بەردەوام دەبێت، چونکە خواستێکی زۆر لەسەر بەدەستهێنانی بلیتەکانی نمایش هەیە، هەروەها لە چەند فیستیڤاڵێکی نێودەوڵەتی لە چەند وڵاتێك وەرگیراوە و کێبڕکێ دەکات لەسەر بەدەستهێنانی خەڵاتەکانی نێو فیستیڤاڵەکان».

ناوەڕۆکی فیلمەکە بەشێکی گۆرانی ئامێزە، لەبارەی گۆرانییەکان (هەڵوێست محەمەد) روونی کردەوە: « فیلمی سینەمایی پەیکەری دڵ بەشێوەیەکی گۆرانی ئامێز کاری بۆ کراوە، بەشێك لە گۆرانییەکان لەلایەن هونەرمەندی گەورە (زیاد ئەسعەد) ئامادە کراوە، کە بە سوپاسەوە بەشێوەیەکی باش لەگەڵ بەرهەمەکە گونجاون، لەگەڵ بەشێك لەگۆرانییەکانی نێو فیلمەکە هەندێك لە بەرهەمی گۆرانییەکان هی خۆمن، سەرجەم گۆرانییەکانیش تازەن و بۆ ئەو فیلمە دروست کراون».

هونەرمەند (هەڵوێست محەمەد) لەبارەی ئەو ئەزموونەی لەو کارە سینەماییەدا پێیدا تێپەڕ دەبێت، کە ئایا ئەو بەرهەمە دەبێتە دەستپێك بۆ هاتنە نێو کاری نواندنەوە، یان تەنیا ئەزموونێکە و حەزی کردووە تاقی بکاتەوە؟ لەوەڵامدا گوتی : «من زۆر دەمێکە ئارەزووی کاری نواندنم هەبووە، دەتوانم بڵێم نواندن یەکێك بووە لە خەونەکانم، تەنانەت لەنێو کاری ڤیدیۆ کلیپەکانیشمدا هەوڵمداوە لە زۆربەیان خۆم نواندن ئەنجام بدەم، بۆیە فیلمی سینەمای «پەیکەری دڵ» بوو بە وێستگەیەك لە نێو ژیانی هونەریم بۆ ئەوەی لەمەودوا لەگەڵ کاری سینەمادا وجوودم هەبێت، ئیدی لەمەودوا گۆرانیگوتن و نواندن دەبن بە دووانەیەکی دانەبڕاو لە ژیانی من».

لە کۆتایی قسەکانیدا (هەڵوێست محەمەد) لەبارەی سازدانی مەراسیمێکی تایبەت بۆ نمایشکردنی فیلمەکەیان ئەوەشیی باسکرد کە پێشتر بەنیازی ئەوە بوون مەراسیمێکی تایبەت بۆ کردنەوەی نمایشی فیلمەکە لە هەولێری پایتەخت ساز بکەن، بەڵام ئەو شوێنەی بەنیاز بوون مەراسیمەکەی تێدا ساز بکەن ئامادە نەبوو، گوتیشی بە هەر حاڵ لە چەند رۆژی داهاتوودا ئەمە ساز دەکەین بە شێوازێکی فراوان و بە ئامادەبوونی ژمارەیەکی زۆر لە هونەرمەندان و هونەردۆستان و بەر پرسان و خەڵکانی بیانی ئەو مەراسیمە ڕێکدەخەین.

هەروەها (باهۆز نەسرەدین) ئەرکی سەرپەرشتیکردنی بەرهەمهێنانی فیلمەکەی لە ئەستۆ بووە، لەبارەی کاتی نمایشکردنی فیلمەکە بەم شێوەیە روونی کردەوە و گوتی: «فیلمەکە لە ئێستادا سەرکەوتنێکی بێ وێنەی بەدەستهێناوە، هەروەك ئامارەکانی فرۆشتنی بلیتەکان لە هۆڵی سینەماکان پێمان دەڵێن، کە ئەو فیلمە ئاستێکی بەرزی هەیە، بۆیە بینەران بە ئامەزرۆییەکی باشەوە بەرەو پیری دێن، دیارە ئەوەش شتێکی پێشبینی کراو بوو، چونکە سەرجەم کاستی فیلمەکە، بەو پەڕی لەخۆبردوییەوە خەریکی ئامادەکاری و کاری بەرهەمهێنان بوون، بۆیە پێم وایە ئەو فیلمە لە چەند رۆژی داهاتوودا بینەری زیاتر لەخۆی کۆدەکاتەوە».

# تیرۆن خەڵاتێکی ناوازەی بە دەستهێنا



چارلز تیرۆن-ی بە رەچەڵەك ئەفریقی بە یەکێك لە سەرکەوتووترین ئەکتەرەکانی هۆلیۆد دادەنرێت، تا ئێستا لەسەر ئاستی جیهان چەندین خەڵاتی گەورەی سینەمایی بەدەستهێناوە و پاڵێوراو بووە بۆ بەدەستهێنانی خەڵاتی دیکەش، ئەمە جگە لەوەی لە چەند بۆنەی تایبەتیدا رێزی لێنراوە.

بەم دواییەش تیرۆن خەڵاتی (American Cinematheque Award) بۆ ساڵی ٢٠١٩ بەدەستهێنا، کە وا بریارە لە رۆژی ٨ی نۆڤەمبەری ٢٠١٩ لە ئاهەنگێکی تایبەتدا لە بیڤرلی هیلز لە کالیفۆرنیا پێشکەشی بکرێت، ئەمەش لە بری ئەو کارانەی تا ئێستا بە درێژایی کاروانی هونەری خۆی پێشکەشی کردوون، بە وتەی (ریك نیکیتا) سەرۆکی ئەنجومەنی ئیدارەی سینەمای ئەمریکی تیرۆن بەشدارییەکی کارای لە هونەری ئەنیمەیشندا هەیە و وەك ئەکتەر و بەرهەمهێنەر گشت کۆت و بەندەکانی بەزاندووە.

لەلایەکی دیکەوە سەرچاوە هەواڵییەکان رایانگەیاند کە تیرۆنی تەمەن ٤٣ ساڵ ماوەی دە ساڵ دەبێت سینگڵە و بێ خۆشەویستە و لەو ماوەیەدا کەسێك لێی نەهاتۆتە پێش، لەم بارەوە تیرۆن بە پێکەنینەوە گوتی : هەمووی ١٠ ساڵە، کە پێموایە ماوەیەکی زۆر نییە من بە تەنیا دەژیم، لەو ماوەیەدا چاوەرێم کەسێك هێز بداتە بەر خۆی و لێم بێتە پێش و داوای خۆشەویستیم لێ بکات، بەڵام رۆژنامەی (سەن)ی بەریتانی بڵاوی کردۆتەوە کە لە دوای ئاهەنگی کریسمسی ساڵی ٢٠١٨ تیرۆن لەگەڵ براد پێتی هاوسەری پێشووی ئەنجلینا جۆلی زوو زوو یەکتر دەبینن و پێدەچێت پەیوەندییەکی خۆشەویستی لە نێوانیاندا هەبێت، بەڵام تا ئێستا چاوی بە منداڵەکانی براد پیت نەکەوتووە.

شایەنی باسە گرنگترین کارە سەرکەوتووەکانی چارلز تیرۆن بریتین لە: " The Italian Job"،"Head in the Clouds"، " Battle in Seattle" و " The Burning Plain" لەگەڵ چەند فیلمی دیکە.

نیها دۆبیا:

# دایکایەتی کاریگەریی لەسەر کارە هونەرییەکانم نییە



خانمە ئەکتەری بۆلیۆد کە سەرچاوەی ئیلهامبەخش و تەنانەت ئیرەیی پێ بردنیشە بۆ دایکان لە هیندستان و بەتایبەتی لە نێو ئەکتەرانی بۆلیۆد، یەکێکە لەو خانمە ئەکتەرانەی کە بە تەواوی بەسەر ژیانی تایبەتی و هونەری خۆیدا زاڵە.

دۆبیا کە کەشوهەوایەکی خێزانیی جوان و ژیانێکی کۆمەڵایەتیی نموونەیی بۆ خۆی دروست کردووە، لە دیمانەیەکیدا لەگەڵ ماڵپەری (Zoomtv. com) دەربارەی پاراستنی تایبەتمەندییەکانی ژیانی تایبەتی خۆی جەختی لەوە کردەوە کە «کارێکی ئاسان نییە وەك دایك تەنیا بۆ یەك شەویش کچەکەی خۆت لە ماڵەوە بە تەنیا جێ بهێڵی.»

لە وەڵامی پرسیارێکدا دەربارەی ئەوەی چۆن توانیویەتی وەك دایکێکی ئەکتەر هەموو شتێك بەدەستبهێنێت، گوتی: «ئەمەیان کارێکی سەختە، من هیواخوازم کە سێ دانە دۆبیا هەبێت، من تیمێکی بچووکم هەیە بۆ بەرێوەبردنی گشت ئەو کارانەی کە دەمەوێ بە وردی ئەنجامیان بدەم، کاتێك لە کچەکەم دوور بم چەند کەسانێك هەن بە دوایدا دەگەرێن و چاودێریی دەکەن، بەڵام منیش تەنیا بۆ یەك شەویش نەمهێشتووە لە کچەکەم دوور بم».

نیها زۆر بە وردی باسی خۆی کرد وەك دایکێك هەر لە قۆناغی دووگیانی تا لەدایکبوون، ئەوەشی ئاشکرا کرد کە گشت ئەم هەنگاوانەی لە سۆشیال میدیا و تۆرە کۆمەڵایەتییەکان بڵاو کردۆتەوە و جەماوەر و هەوادارانی خۆیی لێی بێبەش نەکردوون، چونکە پێی باش بووە کە جەماوەرەکەی ئاگاداری هەنگاوەکانی بن، بەڵام تا ئێستا هیچ وێنەیەکی کچەکەی خۆیی بڵاو نەکردۆتەوە.

دەربارەی ئەوەی کە بۆچی وەك دایك تایبەتمەندییەکانی خۆی دەپارێزێت گوتی: «تا ئێستا هیچ وێنەیەکی کچەکەمم نییە کە دزەی پێ کرابێت، بێگومان زۆر کەسیش لە جیهاندا هەن کە حەز دەکەن وێنەکانی ببینن و لای خۆیان بڵاوی بکەنەوە».



# نهێنیی نەخۆشییەکەی هەیفا وەهبی

دوای ئەوەی خانمە ئەکتەر و گۆرانیبێژی لوبنانی هەیفا وەهبی لە ئەکاوەنتی تایبەتی خۆی لە تویتەر و لە میانەی بەرنامەیەکی تەلەفزیۆنیدا رایگەیاند کە تووشی نەخۆشییەك هاتووە و ئەمەش کاریگەریی هەبووە لەسەر دەرکەوتنی لە ماوەی رابردوودا، میدیاکان و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان گرنگییەکی زۆریان بەم بابەتە و نەخۆشییەکەی هەیفا دا و چەندین سیناریۆیان بڵاوکردەوە.

هەندێك لە سەرچاوە میدیاییەکان باسیان لەوە کرد کە هەیفا تووشی نەخۆشیی هەوکردنی ڤایرۆسیی جگەر بووە و ئێستا لە نەخۆشخانەی بەیروتە و رەنگە ناچار بێت بۆ چارەسەر روو لە ئەوروپا بکات، بەڵام هەنا وەهبی (خوشکی هەیفا) رەتی کردەوە کە تووشی ئەم نەخۆشییە بووبێت، تەنیا ئەوەیە کە هەیفا لە بەرنامەکەدا وتوویەتی هەندێك گرفتی لە گەدە و جگەردا هەیە، بەڵام گرفتەکان گەورە نین و پێویست بە ترس و دڵەڕاوکێ ناکات.

دوای بڵاوبوونەوەی هەواڵەکەش هەواداران و دۆستانی هەیفا بەتایبەتی هونەرمەندان پشتگیر و پشتیوانیی خۆیان بۆ هەیفا دەربڕی، لەوانەش شیرین عەبدولوەهاب لە نامەیەکدا نووسیویەتی: «ئازیزەکەم هەیفا ماوەیەکی زۆرە یەکترمان نەبینیوە و گوێم لە دەنگت نەبووە، من لەوە رانەهاتووم کە بۆ ماوەیەکی زۆر لێك دوور بین، لە خوای گەورە داواکارم کە شیفات بۆ بنێرێ، پەنا بە خوا لە خۆشەویستانت دوورناکەویتەوە.» لەلایەن خۆیەوە ئەکتەری سووری (شەکران مورتەجی) هیوای ساغی و سەلامەتیی بۆ هەیفا خواست، هەروەها ئەلیساش لە تویتەر نووسیویەتی: «ئازیزەکەم هەیفا، هیوادارم لە نزیکترین کاتدا تەندروستیت باش بێت و بگەڕێیتەوە.»

## مەلەک کوچتۆبین:

# هونەر بۆ پەیداکردنی بژێوی ژیان نییە، بەڵکو بۆ دڵخۆشکردنی خەڵکە



یەکێک لە هونەرمەندە لاوەکانی وڵاتی تونس کە عەشقێکی بێ سنووری بۆ ئامێری قانون هەیە و لە پاڵ ژەنینی ئەم ئامێرەدا بە گۆرانییە رەسەن و موشحاتە ئەندەلووسییەکانی، سەرنجی هەموو لایەک بۆ خۆی رادەکێشێ (مەلەک کوچتۆبین)ە، کە مامۆستای کۆلێژی بەشی مۆسیقا هونەرەجوانەکانە و تا ئێستا دوو جار سەردانی هەرێمی کوردستانی کردووە، لە دەرفەتێکدا چەند پرسیارێکمان ئاراستە کرد و بەم شێوەیە وەڵامی پرسیارەکانی گوڵانی دایەوە.

*** دوو جار سەردانی کوردستانت کردووە، لە رووی هونەرییەوە تێڕوانینت بۆ ئەم هەرێمە چۆنە؟**

- لە رووی هونەرییەوە هەستم کرد کە خەڵکی کوردستان گۆرانی و مۆسیقایان زۆر خۆش دەوێت و گوێیان تینووی گشت جۆرەکانی موزیکە، بەتایبەتی موزیکی تەرەبی و رۆژهەڵاتی، لە هەولێر گۆرانی تونسیم گوت، شۆك بووم کە بینیم کاردانەوەیەکی زۆر جوانیان بۆی هەبوو و بە کەلتووری تونسی سەرسام بوون

*** هیچ زانیاریت دەربارەی هونەری کوردی هەیە؟**

- هونەری کورد رەسەنە، من یەکەم جار کە گوێم لە گۆرانی کوردی بوو، خۆشم ویست، چونکە هونەرێکی پڕ لە مەقاماتی خۆشە، کە من خۆیشم عاشقی مەقامم.

*** هەرچەندە لە پیشانگایەکی گەشتیاریدا بەشدار بووی، بەڵام کاردانەوەی ئامادەبووان لەگەڵ ئامێری قانون و ئەو گۆرانی و پارچە مۆسیقایانەی پێشکەشت کردوون، چۆن بوون؟**

- بۆ من مایەی سەرسوڕمان بوو، بە راستی خۆشحاڵ بوون و کاردانەوەی ئەرێنییان بەو ستایلەی پێشکەشم کرد، مایەی باوەڕکردن نەبوو، مایەی خۆشحاڵی بوو بۆ من، لەمەشدا شتێکم بۆ روون بۆوە کە میللەتی کورد چێژ لە هونەر دەبینێ و ژیان و هونەری خۆش دەوێ و تینووی گوێگرتنە لە هەر شتێك کە پەیوەندیی بە کەلتووری مەغریبی و بیانییەوە هەبێت.

*** وەك ژەنیارێکی قانون، ئایا کاردانەوەی گەنجان بەرامبەر بەم ئامێرە موزیکییە و گۆرانییە کۆنەکان چۆنە؟**

- بێگومان گەنجان حەز لەم ئامێرە دەکەن، بەڵام بە شێوەیەکی زۆر نییە، چونکە پێیان وایە ئامێرێکی زەحمەت و ئاڵۆزە، بەڵام لە کاتی وانە وتنەوەم تێبینم کرد کە پەیوەندیم لەگەڵ گەنجەکان زۆر باشە و لە ئاستێکی بەرزدایە، زۆریشیان حەز دەکەن فێرە ئەم ئامێرە بن، بەڵام پێویستە کەسانی پەیوەندیدار بەتایبەتی مامۆستایان هەوڵی زیاتر بدەن بۆ ئەوەی گەنجان بەشێوەیەکی ئاڵۆز سەیری ئەم ئامێرە نەکەن، چونکە ئەگەر ئارەزووویان هەبێت، ئەوا وەك ئامێرەکانی دیکەیە، بەڵام بە هەندێك تایبەتمەندییەوە.

* چۆن ئەو موزیك و گۆرانییانە هەڵدەسەنگێنی کە هونەرمەندە گەنجەکان لە ئێستادا پێشکەشیان دەکەن؟

- گەنجەکان حەزیان لە گۆرانییە کۆنەکانە و تینووی ئەو هونەرەن، بەڵام ئەمە پەیوەندیی بەو کەسەوە هەیە کە پێشکەشی دەکات و ئەو ستایلەی کە لە هونەری کۆندا پشتی پێ بەستراوە، ئەگەر لەرووی مۆسیقاوە ئەو هونەرە کۆنە بەشێوەیەکی جوان و هاوچەرخ پێشکەش بکرێت، ئەو کاتە گەنجان قبوڵی دەکەن و دڵیان پێی خۆش دەبێت.

*** پێتوایە بە لای گەنجانەوە هونەری رەسەن و کۆن گرنگترە، یان نوێبوونەوە و کاری هاوچەرخ لە هونەردا؟**

- هونەر و چێژ وەرگرتن لە هونەر لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی دیکە دەگۆڕێت، هەر کەسێك حەز لە ستایلێکی دیاریکراو دەکات و گوێی لێدەگرێت، بە بۆچوونی من هەر چەرخێك مۆسیقای تایبەت بە خۆی هەیە، زۆر کەس پێیانوایە کە مۆسیقای ئەم چەرخەی ئێستامان سادە و سەنگینە و بە قووڵی ناچێتە نێو وردەکارییەکانەوە، بەڵام من دڵنیام کە هەندێك گۆرانی لە ئێستادا هەن زۆر جار مایەی شەرمەزارین لەرووی جوانییەوە، دیسان دەیڵێمەوە کە هەر چەرخێك مۆسیقای تایبەت بە خۆی هەیە کە دەربڕی حەز و ئارەزووی نەوەی ئەو سەردەمەیە.

*** تۆ خۆت زیاتر لە هونەری رەسەن، یان هاوچەرخدا دەبینییەوە؟**

- رەسەن و هاوچەرخ هاوتەریبن، ئەگەر هونەرێك پێشکەش بکەی کە شایەنی رێزگرتن و چەپڵەلێدان بێت، جا کلاسیك، یان رۆمانسی، یان هاوچەرخ بێت، گەنجان ناچارن کاردانەوەی ئەرێنییان بەرامبەری هەبێت، چونکە لە راستیدا ئەمە پەیوەستە بە مەسەلەی فەنتازیا لە پێشکەش کردندا، نەك هونەری کۆن و نوێ.

*** ئایا تەکنۆلۆجیا رۆڵێکی ئەرێنی، یان نەرێنی لەسەر هونەری رەسەن هەبووە؟**

- بە بڕوای من تەکنۆلۆژیا لە رووی تەکنیکەوە سوودی زۆری بۆ هونەری رەسەن هەبووە، ئێستا دەتوانیت گوێ لە گۆرانییە کۆنەکان بگریت بە شێوەیەکی زۆر جوان کە بێزارکەر نییە، بەڵکو دابەشکردنێکی جوانی هەیە، هەرچەندە هونەری رەسەن خۆی لە خۆیدا جوانییەکی رەهای هەیە لە تێکست و ئاواز و ئەدا، ئەگەر تەکنۆلۆژیاشی بخەیتە سەر لە رووی گوێگرتن و بەکارهێنانی ئامێری رۆژئاوایی، یان نوێ ئەوا ئەو هونەرە رەسەنە مۆرکێکی هاوچەرخی دەبێت.

*** ئایا لە کۆمەڵگە رۆژهەڵاتییەکاندا هونەرمەند دەتوانێت بژێوی ژیانی خۆی لە رێگای هونەرەوە پەیدا بکات؟**

- من پێموایە بەڵێ، هونەرمەند دەتوانێت بژێوی ژیانی خۆی لە رێگای هونەرەوە پەیدا بکات، بەڵام ئەمە زەحمەتە و لە هەمان کاتدا مسۆگەریش نییە، بۆیە هەمیشە پێویستە هەوڵ بدات کە بژێوی ژیانی خۆی لە رێگایەکی دیکەوە پەیدا بکات و سەرمایەگوزاریی لە پیشەی هونەر، یان هەر پیشەیەکی دیکەدا بکات، چونکە کە تەمەنی هونەرمەند هەڵدەکشێت ناتوانێت وەك سەردەمی گەنجی کاری هونەری پێشکەش بکات، بۆیە هونەر درووست نەبووە بۆ پەیدا کردنی بژێوی ژیان، بەڵکو بۆ دڵخۆشکردنی خەڵك و تێرکردنی بەشێك لە ئارەزووەکانیانن، بەش بەحاڵی خۆم من مامۆستای کۆلێژم و بە هیچ شێوەیەك بۆ بژێوی ژیانی خۆم پشتم بە پیشەی هونەر و مۆسیقا نەبەستووە.

*** ئایا گرنگترین ئەو ئاستەنگانەی لە کۆمەڵگەی رۆژهەڵاتدا رووبەڕووی هونەرمەندان بەتایبەتی ئافرەتان دەبنەوە چین؟**

- ئاستەنگەکان لە گشت بوارەکانی ژیاندا هەن، نەك تەنیا بواری هونەری، بۆ ئەوەی خۆت بسەلمێنی پێویستە هەر لە سەرەتاوە هەوڵبدەی و رێگایەك بۆ خۆت دەستنیشان بکەی، چونکە هونەر خۆی ئاستەنگت بۆ درووست دەکات بۆ نموونە: لە بژاردە هەڵەکانی هونەرمەند، هەروەها لەوانەیە لە مەیدانی هونەردا چاوت بە هەندێك کەس بکەوێت کە بیانەوێ لە رێگای تۆوە ئامانج و خەونەکانیان بهێننە دی، بۆیە پێویستە هونەرمەند هەمیشە وشیار بێت، ئاستەنگەکان ناژمێردرێن، بەڵام ئەگەر ئامانجەکانی خۆت دیاری کرد و بەرگریت لێی کرد و بڕوات پێیان هەبوو، گشت ئاستەنگەکان لە بەرامبەر هێزی ئیرادە و بڕوابەخۆبوونت دەپووکێنەوە.

